گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA 2024
ID No. 1319 (PP 254-268)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.16

توێژینەوە

# ڕۆڵی زانستی زانایانی هەرێمی جەزیرە لە وڵاتی شام لە سەدەی حەوتەمی کۆچی/سیانزەی زایینی (زانستە نەقلیەکان) بە نموونە

قادر محمد حسن *
ڕەوشەن رمضان عبدالرحمن*

*بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
qader.hassan@su.edu.krd
rawshan.abdulrahman@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/06/04
پەسندکردن 2023/07/02
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەکییەکان:
هەرێمی جەزیرە،
وڵاتی شام، زانا،
گەشت،
چالاکی زانستی.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر چالاکیە زانستیەکانی زانایانی هەرێمی جەزیرە لە بواری زانستە (نەقلیەکان) لە وڵاتی شام، مەبەست لە زانستە نەقلیەکانیش زانستە ئایینیەکانە وەک: (خوێندنەوەی قورئان، ڕاڤەکردنی قورئان، فەرموودە، تێگەیشتن لە ئایین (الفقه)، سۆفیگەری). ، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە زانستی قورئان (علوم القرآن الکریم) و فەرموودە (الحدیث النبوي الشریف) کە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە، بە واتایەکی دیکە مەبەست لێی فێربوون و تێگەیشتن و لێکۆلینەوەیە لە شەریعەتی ئیسلام، تا مرۆڤ لەو سۆنگەیەوە هەوڵ بدات بەرژەوەندی خۆی لە دونیاو قیامەت دا بەدەست بهێنێت بە پابەند بوون بەو یاسا ڕێسایانەی کە خوای پەروەردگار بۆی داناوین.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1-پێشەکی:**

وڵاتی شام، بەدرێژایی مێژووی ئیسلام، جێگاو مەنزڵی خوێندنی زانسته (نەقلیەکان) بوو، بەتایبەتی لە سەدەی حەوتەمی کۆچی/سیانزەی زایینی کە چەندان مزگەوت و قوتابخانەو دامەزراوەی زانستی و ئایینی لەوێ ئاواکراونەوە، بەجۆرێک ببوون بە مەڵبەندێکی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی زانایان، کە تیایدا هەوڵی فێرکردن و پێگەیاندنی خوێندەڤانانیان دەدا، بۆیە چەندەها زاناو خوێندەڤان لە ناوچە جیاجیاکانی ئیسلام ڕوویان لەو وڵاتە دەکرد بۆ ئەم مەبەستە. هەر لەو سۆنگەیەوە، زانایانی هەرێمی جەزیرەش بەدەر نەبوونە لەم خزمەتە زانستیەو بایەخێکی زۆریان پێی داوە، لە ڕێگای نووسینی پەرتووک و وانەوتنەوەو دامەزراندنی دەزگای زانستی. بەمەش خزمەتێکی مەزنیان بە جیهانی ئیسلامی بەگشتی و وڵاتی شام بەتایبەتی گەیاند بە جۆرێک وای لێهاتبوو بە دەگمەن زانا دەبینرا کە لە هەرێمی جەزیرەوە بەرەو ئەو وڵاتە کۆچی نەکردبێت، تەنانەت هەندێکیان تا کۆتایی تەمەنیان لەوێ دەمانەوە وە بەشێکی دیکەیان دەگەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان.

**1.1. گرنگی بابەت** دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی زاناکان و بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر چالاکی و بەرهەمە زانستیەکانی زانایانی هەرێمی جەزیرەیە لە وڵاتی شام کە لەو ڕێگەیەوە توانیویانە سوودێکی مەزن بگەیەنن بە موسوڵمانان بە گشتی و ڕەوتی زانستخوازی لە مێژووی ئیسلام بە تایبەتی، ئەمەش ئاشنامان دەکات بە کارو بەرهەمو و دیدگایان.

**1.2. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە**پێش هەرشتێک دەگەڕێتەوە بۆ خولیاو ئارەزووی زانستیمان بۆبابەتەکە، بە ئامانجی زیاتر بەدواداچوون وتێگەیشتن لە چالاکیە زانستیەکانی ئەم زانایانە لە وڵاتی شام. وە بابەتێکی گرنگی پەیوەست بە مێژووی ئیسلامیە، لەبەرئەوە پێویستە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا پیشانی بدەین و بۆ خوێنەران ڕوونی بکەینەوە.، هەروەتر کەمی توێژینەوە بە کوردی لەم بارەیەوە وایکرد کە پتر کمە بکەین بۆدەرخستنی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەکان لەم بارەیەوە هەن.

**1.3. میتۆدی توێژینەوە**ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی بەستووە، بە بەکارهێنانی ڕێبازی لێگەڕان و شرۆڤەکاری مێژوویی.

**1.4. پێکهاتەی توێژینەوە**ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و پێنج خاڵی سەرەکی پێک هاتووە، وێرای ئەوەش لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانیش خراوەتەڕوو. خاڵە سەرەکیەکانیش تایبەتن بە هەر پێنج لقی زانستە نەقلیەکان یاخود ئایینیەکان وەک: (خوێندنەوەی قورئان، ڕاڤەکردنی قورئان، فەرموودە، تێگەیشتن لە ئایین (الفقه)، ڕێبازی سۆفیگەری)، کە تیایدا هەوڵمان داوە بە پوختی هەر پێنج زانستەکە بناسێنین و پاشان ئاماژە بە گرینگترین چالاکیە زانستیەکانی زانایانی هەرێمی جەزیرە بکەین لەم بوارانەدا کە بوونەتە هۆی بەرەو پێشڤەبردنی لایەنی زانستی لە وڵاتی شامدا وەک نووسینی پەرتووک و سازکردنی کۆڕو کۆبوونەوەی زانستی و بواری وانەبێژی.

## 2. زانستە نەقلیەکان (ئایینیەکان)

### 2.1. زانستی خوێندنەوەی قورئان (علم القراءات)

ئەم زانستە بە یەکێک لەزانستە هەرە پڕ بایەخەکان لە قەڵەم دەدرێت، مەبەست لێی چۆنیەتی فێربوون و خوێندنەوەو شێوازی دەربڕینی ووشەکانی قورئانی پیرۆزە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و ڕەوان. خوای گەورەش فەرمانی پێداوە کەبەشێوەیەکی جوان و لەسەرخۆ قورئان بخوێنین و مافی پیت و ووشەو مانایان بدەین، وەک دەفەرموێت: (وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا) (سورة المزمل، آية ٤). هەروەها لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریش دا (درودی خوای لەسەر بێت) هاتووە کە خوێندنەوەی ڕاستی و دروستی قورئان لای خوا پاداشتێکی مەزنی هەیە وەک دەفەرموێت: ((مثل الذي يقرأُ القرآنَ وهو ماهِر به مع السَّفرَة الكِرامِ البرَرَة، والذي يقرؤه وهو يشتَدُ عليه، فله أجرَان)) (أبي داود، سنن أبي داود، 2009، باب في ثواب قراءة القرآن، برقم1454،ص584). بێگومان سەرەکیترین ڕێگاش بۆ فێربوون و چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئان زانینی زمانی عەرەبیە کە زمانی قورئانە هەر لەم بارەیەوە خەلیفە (عمر بن الخطاب) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: ((عليكم بالتفقه في الدين والتفقه في العربية وحسن العربية)) (الهندي، 1985، ج10، ص254).

لەلایەکی دیکە، ئاشکرایە کە لەدوای پرۆسەی فتوحات و بەرفراوان بوونی سنووری دەوڵەتی ئیسلامی، چەندین ڕەگەزو نەتەوەی جیاجیای نا عەرەب تێکەڵی کۆمەڵگای موسوڵمانان بوون وە شارەزای زمانی عەرەبی نەبوون و قورئان خوێندنەوەیان لا ئاسان نەبوو. بۆیە دەبینین هەر لەو کاتەوە لەپێناو ڕێکخستن و ڕاست کردنەوەی خوێندنەوەی قورئان، گرینگی دان بە زانستی خوێندنەوە (علم القراءات) بووە کارێکی پێتقی.

جێگای ئاماژە پێکردنە، زانایانی هەرێمی جەزیرە لەم بـوارەدا پێشـەنگ بـوون وە پشکداربوون لە بـواری ڕاسـت خوێنـدنەوەی قورئان دا، تەنانەت بەشێکی زۆریان وانەبێژو مامۆستای ئەو زانستە بوون. بێگومان هۆکـاری سەرکەوتنیشـیان لەم بـوارەدا بە پـلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شارەزاییان لە زمانی عەرەبیدا هەبووە. یەکێک لە زاناکانی ئەم هەرێمە (مكي بن ريان بن شـبة أبـو الحرم الماكسيني): (م:603ك/١٢٠٦ز) بوو کە ناسراوە بە (صائن الدين)، لە (ماكسين)[1] لەدایک بووە بەڵام نیشـتەجێی موسـڵ بـوو. زانـاو قورئـان خـوێنێکی بەناوبـانگی سـەردەمی خـۆی بـوو تەنـانەت تەواوی قورئانیشـی لەبەر بـووە. هەروەک لەم دەقەدا بە دەردەکەوێت: ((وكان من أحفظ الناس للقرآن نـاقلا للسـبع[2])) (يـاقوت الحمـوي، 1993، ج6، ص2715). (صـائن الـدين) لە کۆتـایی تەمەنی دا گەشت دەکات بۆ (بيت المقدس) وە ماوەیەک ژیانی لەوێ بەسەردەبات، پاشان سـەردانی شـارەکانی حەلەب و دیمەشـق دەکات، ئاماژە بەوە دەکرێت کە دانیشتوانی ئەم دوو شارە سوودێکی زۆریان لە زانستەکەی ناوبراو بینیووە، وا دیارە لەپێش مـردنی گەڕاوەتەوە بۆ شاری موسڵ و هەر لەوێ ماڵئاوایی لە ژیان کـردووە (ابـن القفطـي، 1986، ج3، ص320-322 ؛ ابـن خلكـان، 1977، مج5، ص280 ؛ السيوطي، 1979، ج2، ص299 ؛ ابن العماد، 1986، ج7، ص21-22).

زانایەکی دیکە (عبـدالمجير بـن محمـد بـن عشـائر كـمال الـدين ابـو محمـد القبيصيـ): کە لە سـاڵی (٥٣٧ک/١١٤٢ز) لە گونـدی (القبيصة)[3] لەدایک بووە. دوای ئەوەی لە زێدی خۆی شارەزاییەکی زۆر لە زانستی قورئان خوێندنەوە پەیـدادەکات، دواتـر لە پێنـاو ڕۆشن کردنی زیاتری ئاسۆی زانستی خـۆی، بڕیـاردەدات گەشـت بکـات بـۆ حەلەب و  دوای وەرگرتـی چەنـدین ئەزمـوونی دیـکەی زانستی ئەوەبوو هەر لەو شارەدا دەبێت بە وتاربێژو قورئان خوێن وە چەندین کەس لەسەر دەستی ئەو مۆڵەتی زانسـتیان وەرگـرت. ناوبراو لەساڵی (٦٣١ک/١٢٣٣ز) لە حەلەب کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێش بە خاک سپێردراوە (المنذري، 1984، مج٣، ص٣٦٧ ؛ الذهبي، 1988، مج1، ص629 ؛ ابن الجزري، 2006، ج1، ص416).

هەروەهـا (الشـيخ الصـالح أبي الفـتح نصرـ بـن رضـوان بـن ثـروان الموصـلي المقـرىء): زانایـایەکی دیکەبـوو کە لە سـاڵی (٥٤٧ک/١١٥٢ز) لە دایک بووە، دوای ئەوەی چووە بۆ دیمەشق سەرەتا لە لای (الشيخ ابي الفضل الجنروي)[4] و چەند زانایەکی دیکە دەستی کرد بە خوێندنی زانستی فەرمووده، دواتریش وەک قورئان خوێن و وانەبێژ لە مزگەوتی ئـومەوی لە دیمەشـق ڕۆڵی زانسـتی بینیـووە و چەنـدین کەسـی پێگەیانـد وە ئامـاژە بەوە دەکرێـت کە ژمـارەیەکی زۆری خەڵـک لە وانەکـانی دادەنیشـتن، لە سـاڵی (٦٤١ک/١٢٤٣ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (ابن الصابوني، 1986، مج1، ص67-70).

هەر لەم بوارەدا  (ركن الدين المقرىء الاربلي): کە زانایەکی دونیا نەویست و لە خواترسەکان بوو، بەڕەسـەن خەلکی هەولێـر (اربل) بووە، بەمەبەستی وەرگرتنی زانستەکانی قورئان بـۆ چەنـدین شـارو وڵات گەشـتی کـردووە وەک بەغـداد و دیـاربەکر، دوایـن گەشتیشی بۆ دیمەشق بوو وە لەوێ لەسەر دەستی (علم الدين السخاوي)[5] قورئانی خوێندووەو مـۆڵەتی زانسـتی وەرگرتـووە، هەر لەو شارە بووەتە قورئان خوێن لە مزگەوتی گەورەی ئومەوی. پاشان بووەتە قورئان خوێنی مزگەوتی (طوغان) لە (الفسـقار)[6]. (ركـن الدين) ڕۆڵێکی گرینگی بینیووە لە بواری (التدريس) یاخود وانە وتنەوە، ئاماژە بەوە دەکرێت کە نزیکەی چـوار هەزار کەس لە شـام لەسەر دەستی ئەو فێری قورئان خوێندنەوە بوونە (الصفدي، 2000، ج9، ص214-215). ناوبراو لە ساڵی (٦٧٣ک/١٢٧٥ز) هەر لەناو ئەو مزگەوتە کۆچی دوایی دەکات (الصفدي، ٢٠٠٠، ج9، ص215 ؛ الذهبي، ١٩٨٨، مج1، ص687).

هەر لە زانایانی ئەم بوارە ناوی  (عـماد الـدين الموصـلي الفقيـة الشـافعي المقرىء):دێـت کە لەسـاڵی (٦٢١ک/١٢٢٤ز) لە موسـڵ لەدایک بووە، زاناو قورئـان خـوێنێکی بەناوبـانگ بـوو لە (تربـة أم الصـالح)[7] لە دیمەشـق. تەواوی قورئـانی پـیرۆزی لەبەربـووە و هەروەها لە زانستی (التجويد)[8] زۆر لێهاتوو بووە، کتێبی (التجريد للتجويد) ی لەو بـارەیەوە نووسـیووە، تەنـانەت لەگفتوگۆکردن بەگشتی و لە بابەتە زانستیەکان دا بەتایبەتی قسەزان و لێهاتوو بووە، یەکێک لە بەرهەمە گرینگەکـانی لە بـواری زانسـتی قورئـان دا شەرحی (الشاطبية)[9] بوو لەچوار بەرگدا، ناوبراو لەساڵی (٦٨٢ک/١٢٨٣ز) لە دیمەشـق کـۆچی دوایـی کـردووەو لە گۆڕسـتانی (بـاب الصـغير) هەر لەو شـارەدا نێـژراوە (اليـونيني،1992، مـج4، ص192-194 ؛ الـذهبي، 1985، ج3، ص350 ؛ الـذهبي، ١٩٨٨، مـج1، ص687-688 ؛ اليافعي، 1997، ج4، ص149 ؛ ابن الجزري، ج1، ص516 ؛ ابن تغري بردي، (د.ت)، ج7، ص360).

هەروەها (احمد بـن عبـدالله الخـابوري الحلبـي المقـرىء الشـافعي): یەکێکی دیـکە بـوو لەو زانایـانەی کە خەڵکی دەوروبەری ڕووباری (الخابور) بوو، لە شاری حەران لەلایەن (فخرالدين ابن تيمية الحـراني)[10] وانەی خوێنـدووەو پێگەیشـتووە، دواتـر گەشـتی

کـردووە بـۆ چەنـد شـوێنێک بەتـایبەتیش بـۆ حەلەب و پاشـان بەرەو دیمەشـق دەڕوات و لەوێ لەلایەن (علـم الـدین السـخاوي) زانستەکانی تایبەت بە قورئان دەخوێنێـت، دواتـر بـۆتە پـێش نـوێژو وتـار خـوێن لە مزگەوتەکـانی حەلەب (الـذهبي، ١٩٨٨، مـج1، ص705-706 ؛ ابن العماد، ١٩٩١، ج7، ص718 ؛ البغدادي، 1951، مج1، ص100 ؛ بەحرکەیی، ٢٠١٦، چ٢، ل١٢٦)، ئەگەرچـی لەڕووی زانستی زمانەوانی و فیقهیش دا شارەزایی هەبووە بەڵام زیاتر وەک قورئان خوێن ناوی هـاتووە، وە لەم بـوارەدا پیشـەی وانەبێـژی کردووە، چەندین کەسیش لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتوون و مۆڵەتی زانستیان وەرگرتووە (الذهبي، 1988، مج١، ص٧٠٥-٧٠٦). جـگە لەمانە زاناو شارەزای زانستی (التجویـد) بـووە و لەو بـارەیەوە باشـترین بەرهەمـی نووسـیووە لە ژێـر ناونیشـانی (الـدر النضـید في التجوید). ناوبراو لە ساڵی (٦٩٠ک/١٢٩١ز) لە شاری حەلەب کۆچی دوایی کردووە (ابن الجزري، 2006، ج1، ص70).

زانایەکی دیکەی ئەم بوارە (محمد بن ابی العلاء النصیبی): لەساڵی (٦١٧ک/١٢٢٠ز) لە (نصیبین)[١١] لە دایک بووە، پاشان کۆچی کردووە بۆ (بعلبک)[١٢] و نزیکەی چل ساڵ لەوێ ژیاوە، لە مزگەوت و خانەقاکانی ئەوێ خەڵکی فێری قورئان خوێنـدنەوەو زانسـتی (التجویـد) دەکـرد هەروەهـا کـۆڕی دەبەسـت وتـاری بـۆ خەڵـک پێشـکەش دەکـرد و فەرمـوودەی بۆیـان دەخوێنـدەوە (هەمـوو فەرموودەکـانی لەبەر بـووە) (الـذهبي،2003، مـج15، ص823-824). لە ڕاسـتیدا چەنـدین کەس لە شـام لەسـەر دەسـتی ئەو پێگەیشتوون و مۆڵەتی زانستیان وەرگرتووە یەکێک لەوانە (علم الدین طلحـة مقـریء الحلبـي)[13] بـوو. جـگە لەویـش مێژوونـووس (الذهبي) (م:٧٤٨ک/1348ز)لە ساڵی (٦٩٣ک/١٢٩٤ز) نزیکەی پەنجـا ڕۆژ لای ئەو زانـایە زانسـتی (التجویـد) و (القـراءات السـبعة) خوێندووە. هەروەها ئەم مێژوونووسە ستایشی دەکات و دەڵێت: ((کەسم نەدیوە وەکو أبی عمرو بن العلاء ڕەوانبێژو زمـان پـاراو و قسـە زان بێـت)) (الـذهبي، 2003، مـج١٥، ص٨٢٤). نـاوبراو لە سـاڵی (695ك/١٢٩٦ز) گیـانی سـپاردووە (الـذهبي، 2003، مـج١٥، ص٨٢٤).

### 2.2. زانستی لێکدانەوەی قورئان (علم التفسیر)

(التفسیر): لە زمانەوانیدا: لە ووشەی(فَسَرَ) هاتووە واتا لابردنی پەردە لەسەر شتێکی داپۆشراو یاخود ئاشـکراکردنی نهێنـیەک (السـیوطي، 1415، ج1، ص٥٩ ؛ العثیمـین، ٢٠٠١، ص٢٣ ؛ القطـان، (د.ت)، ص٣١٦-٣١٧). لە زاراوەش دا: زانسـتێکە بریتـی یە لە تێگەیشتنی و لێکۆڵینەوەی کتێبی خودا (قورئان) کە لەسەر پێغەمبەردا (درودی خـوای لەسـەر بێـت) دایبەزانـدووە وە ئاشـکراکردنی ماناکانی و دەرهێنـانی بنەمـا شـەرعیەکان لێیـان (الزرکشـي، 2006، مـج1، ص22-24 ؛ خلیفـة، 1941، مـج1، ص427). لەقورئـانی پیرۆزیشدا ووشەی التفسیر وەک خۆی هاتووە خـوای گەورە دەفەرموێـت: ((وَلَا يَأْتُونَـكَ بِمَثَـلٍ إِلَّا جِئْنَـٰكَ بِـٱلْحَقِّ وَأَحْسَـنَ تَفْسِـيرًا)) (سورة الفرقـان، آیـة 33). هەروەهـا لە ئـایەتێکی دیـکەی قورئـان دا خـوای گەورە هانمـان دەدات بـۆ ئەوەی هەوڵـی تێگەیشـتن لە ئایەتەکانی قورئان بـدەین و بیـری لـێ بکەینـەوە هەروەک دەفەرموێـت: ((كِتَـٰبٌ أَنزَلْنَـٰهُ إِلَيْكَ مُبَـٰرَكٌ لِّيَـدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَـذَكَّرَ أُوْلُـواْ ٱلْأَلْبَٰبِ)) (سورة ص، آیة 29). لە ڕاستیدا گرینگیـدان بە زانسـتی لێکـدانەوەی قورئـان وەک ئەرکـێکە لەسـەر شـانمان و پێویسـتە بە بایەخەوە سەیری بکەین و هەوڵ و کۆششی بۆ بـدەین. خۆشـبەختانە لە کۆمەڵگـای شارسـتانیەتی ئیسـلامی دا هەر لە کـۆنەوە تـاکو ئەمڕۆ بە هەزاران زاناو کەسایەتی (المفسر) یاخود شرۆڤەکاری قورئان لە نێو زۆربەی ڕەگەزو نەتەوەکان دا لەم کـاروانە زانسـتیەدا شوێن پەنجەیان دیارەو لەم بارەیەوە توانیویانە خزمەتێکی مەزن پێشکەش بە مرۆڤایەتی و ئایینی ئیسلام بکەن. بەهەمـان شـێوە لە هەرێمی جەزیرەش کۆمەڵێک زانا لەم بوارەدا هەڵکەوتبوون کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

یەکێک لە زانایانی ئەم زانستە (الاشرف بن الأغر بن هاشـم العلـوي) بـوو نـاسراو بە (تـاج العـلاء): هەروەهـا پێشـیان دەوت (الرملي) لەبەرئەوەی لە ساڵی (٤٨٢ک/١٠٨٩ز) لە شاری (الرملـة)[١٤] لە دایـک بـووە، بەڵام لە ئـامەد ژیـاوە، پاشـان کـۆچ دەکـات بـۆ حەلەب و تاکۆتـایی ژیـانی لەوێ دەمێنێـتەوە، ئەگەرچـی سـەرچاوەکان زانیـاری زۆر نـادەن بەدەسـتەوە سـەبارەت بەو زانـایە بەڵام بەهۆی ئەوەی لەسەر زانستی (التفسیر) کتێبێکی نووسیوە بەناوی (جنة الناظر وجنة المناظر) لە پێنج بەرگـدا، بـۆیە پێـدەچێت لەو بوارەدا چاڵاکی زانستی لە حەلەب ئەنجام دابێت. وادیارە ناوبراو تەمەنێکی درێژ ژیاوە، دەگـوترێ لەسـاڵی (٦١٠ک/١٢١٣ز) لە تەمەنی (١٢٨) ساڵیدا لە شاری حەلەب کـۆچی دوایـی کـردووە (ابـن حجـر، ٢٠٠٢، ج٢، ص١٩٣-١٩٤ ؛ الـزرکلي، 1987، ج1، ص332 ؛ محمـد، 2012، ص115).

یەکێک لە مەزنترین ئەو زانایانەی کە مێژووی ئیسلام شانازی پێوە دەکات، (مؤفق الدين عبداللطيف الموصلي البغدادي): لە ساڵی (٥٥٧ک/١١٦٢ز) لە شاری بەغداد چاوی بە دونیا هەڵێناوە، بەڵام بە ڕەچەڵەک خەڵکی موسڵ بووە بۆیە گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و ماوەیەکی زۆر لەوێ نیشتەجێ بووە (ابن أبي أصيبعة، (د.ت)، ص683 ؛ ابن قاضي شهبة، 1974، ج2، ص98). ئەم زانایە لەپێناو ڕۆشن کردنی زیاتری ڕێگا زانستیەکەی بۆ چەندین شارو وڵات کۆچی کردووە، وە زۆرجار هامۆشۆی دەکرد لەنێوان بەغداو میسرو شام بەتایبەتیش بەرەو شارەکانی (بيت المقدس) و دیمەشق و حەلەب، لەو ماوەیەشدا چەندین چالاکی زانستی ئەنجام داوە. ناوبراو لە زۆربەی زانستە (نەقلیەکان و عەقلیەکان) دا شارەزابوو. وە ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی پێ بکەین ڕۆڵی ناوبراوە لە بواری زانستی (التفسير) دا کە لەم بارەیەوە کتێبێکی نووسیووە لە ژێر ناونیشانی (الرد على ابن الخطيب الرى في التفسير صورة الاخلاص) کە تیایدا وەڵامی (ابن الخطيب الري فخرالدين الرازي)[15] دەداتەوە بە ڕاڤەکردنی سوڕەتی (الإخلاص) (ياقوت الحموي، 1993، ج1، ص1572)، جگە لەوە هەڵساوە بە ڕاڤەکردنی سوڕەتی (النور) (ابن أبي أصيبعة، (د.ت)، ص693-694). ئەم زانایە لە ساڵی (٦٢٩ک/١٢٣١ز) لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە (اليونيني،1992، مج2، ص180).

زانایەکی دیکە (عزالدين عبدالرازق بن رزق الله الجزري) ناسراو بە (الرسعني): لەبەرئەوەی لەساڵی (٥٨٩ک/١١٩٣ز) لەشاری (الرسعن)[16] لە دایک بووە، یەکێک بووە لە زانایانی حەنبەلی هەرێمی جەزیرە، خاوەنی چەندین بەرهەمی نایاب لە بوارە زانستیە جۆراوجۆرەکانی ئایین دا، وەک: (الحديث، التفسير، الفقه..هتد) (ابن رجب، ٢٠٠٥، ج٤، ص٨٠-٨١). وە ئەوەی تایبەتە بە زانستی (التفسير) بریتییە لە نووسینی دوو کتێب لە ژێر ناونیشانی (القمر المنير في علم التفسير) لەگەڵ (رموز الكنوز في تفسير الكتاب العزيز) (ابن الفوطي، 1374، مج1، ص215)، کە ئەمەی دووەمیان (چاپ کراوە) و تاوتوێ کراوە، تەنها ڕاڤەکردنی چەند ئایەتێک نەبێت، پێمان وایە ڕەنگە دەستنووسەکەی وون کرابێت بۆیە. هەروەها وەک خۆی ئاماژەی پێکردووە لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا ئەم کتێبەی نووسیوە (الرسعني، 2008، ج1، ص58-59). جێی باسە بە گوێرەی وتەکانی (ابن رجب) (م:795ک/١٣٩٤ز) کتێبەکە لە چوار بەرگی گەورە پێک هاتووە هەروەک لەم دەقەدا بەدیاردەکەوێ: ((وصنف تفسيرا حسنا في أربع مجلدات ضخمة سماه "رموز الكنوز" وفيه فوائد حسنة)) (2005، ج4، ص81). ئەوەی گرینگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە ناوبراو لەماوەی ژیانیدا بە ئامانجی گەڕان بەدوای زانست دا نزیکەی حەوت بۆ هەشت گەشتی ئەنجام داوە (سلطان، 1439، ص25-26). لە نێوان ساڵانی (٦٠٥/١٢٠٨ز) تاکو ساڵی (٦٠٧ک/١٢١٠ز) چەندین جار سەردانی ناوچەکانی شامی کردووە. ئاماژە بەوە دەکرێت کاتێک دەگاتە دیمەشق چەندین چالاکی زانستی ئەنجام دەدات (الرسعني، 2008، ج1، ص24-25 ؛ الذهبي، 2003، مج15، ص38-39) بۆ نموونە لەوێ چەند دەقێکی قورئان ڕاڤە دەکات لەوانە: سوڕەتی (المدثر) خوای گەورە دەفەرموێت: ((وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ هُوَ أَهلُ ٱلتَّقوَىٰ وَأَهلُ ٱلمَغفِرَةِ)) (آية ٥٦). جگە لەوە لە مزگەوتی دیمەشق ڕاڤەی سوڕەتی (الرحمن) دەکات هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ((هَل جَزَآءُ ٱلإِحسَٰنِ إِلَّا ٱلإِحسَٰنُ)) (آية ٦٠). هەروەها لە ساڵی (٦٠٧ک/١٢١٠ز) دەگاتە (بيت المقدس) و لەوێ لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری (الخليل) سوڕەتی (النساء) ڕاڤە دەکات (الرسعني، 2008، ج1، ص24) هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ((يَٰأَهلَ ٱلكِتَٰبِ لَا تَغلُواْ فِي دِينِكُم)) (آية ١٧١). (الرسعني) دوای ڕۆیشتنی لە دیمەشق بە شاری حەلەب دا تێپەڕیوە دواتر بەردەوام بووە لە گەشتە زانستیەکانی وە لە کۆتایی تەمەنیدا وادیارە گەڕاوەتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی تا دواجار لە ساڵی (٦٦١ک/١٢٦٢ز) ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ژیان دەکات (ابن كثير، 1988، ج13، ص241). بەڵام خزمەتە زانستی و ئایینیەکەی تاکو ئێستاش جێگای بایەخ و سوود لێ وەرگرتنە.

یەکێک لە دیارترین زانایانی هەرێمی جەزیرە کە لەبواری زانستی (التفسير) ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە زانا (مؤفق الدين ابو العباس الموصلي الكواشي)[17] بوو کە لە لە ساڵی (591ك/١١٩٥ز) لە موسڵ لە دایک بووە، زانستی قورئانی لەلای باوکی خوێندووە، دواتر کۆچی کردووە بۆ دیمەشق و لەوێ لەلای (علم الدين السخاوي) و چەند زانایەکی تر درێژەی بە خوێندنی زانستی قورئان و (التفسير) و زمانی عەرەبی داوە (الذهبي، 1988، مج1، ص685-686 ؛ الصفدي، 1911، ص116). دواتر بە مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج سەردانی (بيت المقدس) دەکات (الصفدي، 1911، ص116 ؛ ابن قاضي شهبة، 1979، ج2، ص165-166). لە سەرەتای ئەزموونە زانستیەکەی خۆی دا زیاتر وەک ڕاڤە کارێکی قورئان (المفسر) ناوبانگی دەرکرد وە لەم لایەنەدا خزمەتێکی باشی کردووە و خاوەنی دوو کتێبی گرینگە لەوانە: (التفسير الكبير) وە پێشی دەڵێن (تبصير المتذكر وتذكير المتبصر) کتێبی دووەمیشی بەناوی (التفسير الصغير) هەروەها (التلخيص) یشی پێ دەڵێن لەبەرئەوەی کورتکراوەی کتێبەکەی دیکەیە و چاپکراوە (الكواشي، 2006، ج1، ص8 ؛ الصفدي، 1911، ص117). هەروەها نووسەر دەستنووسی کتێبەکەی خۆی بۆ چەندین شوێن ناردووە وەک

مەككە و مەددینە و (بیت المقدس) (الصفدي، 1911، ص117). هەروەها جگە لە نووسینی كتێب چەندین قوتابی پێگەیاندووە و مۆڵەتی زانستی پێ داون (الكواشي، 2006، ج1، ص50-51).

مێژوونووس (ابن العدیم) (م:660ك/١٢٦٢ز) لە یەكێك لە بیرەوەرییەكانی خۆی دا لە حەلەب ئاماژەی بەوە كردووە، كە (الكواشي) لە مزگەوتێكی ئەو شارەدا كە تایبەت بووە بە ماڵباتی ئەو مێژوونووسە ماوەیەك ماوەتەوە و چاویان بە یەكتر كەوتووە و دەربارەی كتێبەكە گفتوگۆیان كردووە. هەروەها ئاماژەی بەوە كردووە كەوا (التفسیر الصغیر) ی خوێندۆتەوە و پێی وابووە كتێبێكی نایابەو بەسوودە هەروەك لەم سەرنجەی دا بە دەردەكەوێت: ((وصنف للقرآن تفسیرین مطولا ومختصرا، وقفت على المختصر منهما، وهو حسن مفید)) ( (د.ت)، ج١، ص١٢٦١). زانای ناوبراو لە ساڵی (٦٨٠ك/١٢٨١ز) لە موسڵ كۆچی دوایی كردووە (الیونیني، 1992، مج4، ص104-105).

## 2.3. زانستی فەرموودە (علم الحدیث)

فەرموودە هەموو كردارو گوفتارو بڕیارەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) دەگرێتەوە (السیوطي، 1415، ج1، ص25-26 ؛ الصالح، 1963، ص3 ؛ ماجد، 1996، ص177). لە گرینگی دانیش دا دوای قورئان دێ و پلەی دووەمی هەیە، تەنانەت درێژەپێدەری ووردەكارییەكانی قورئانی پیرۆزەو ئەوەی خەڵكی بە ئاسانی لێی تێناگەن فەرموودە ڕاڤەی دەكات (الهاشمی، 2013، چ١، ل٢٥٤).

دەكرێ بڵێین ئامانج و گرینگی سەرهەڵدانی ئەم زانستە لەوەدایە كە فەرموودەی دروست و نادروست لە یەكتر جیا دەكاتەوە، بە واتایاكی دیكە ڕەتكردنەوەی تێڕوانینە هەڵەكانە بەرامبەر بە ئیسلام و موسوڵمانان. پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەربێت) دەفەرموێت: ((لَا تَكْذِبُوا عَلَيَّ فَإِنَّهُ مَنْ يَكْذِبْ عَلَيَّ يَلِجِ النَّارَ)) (المسلم ،باب تغلیظ الكذب على رسول الله صلى الله علیه وسلم، برقم:1، 1991،ج1،ص9). كەواتە هەر لە سەردەمی پەیامبەرەوە تاكو ئێستا ئەم بابەتە جێگای بایەخ و تێڕوانینە. خۆشبەختانە ژمارەی زانایانی فەرموودەناس لە هەرێمی جەزیرەدا هێندە زۆرن تەنانەت ڕەنگە نەتوانین لێرەدا بەشێوەیەكی تێرو تەسەل ئاماژە بە هەموویان بكەین، بۆیە بە لایەنی كەم هەوڵمان داوە ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەوانەی كە زۆرترین چالاكی زانستیان لەم بارەیەوە ئەنجام داوەو بە خامەی ڕەنگینیان توانیویانە گرینگی ئەم زانستە بسەلمێنن.

یەكێك لەو زانایانەی كە لە بواری فەرموودەدا شارەزاییەكی زۆری هەبوو (عمر بن بدر بن سعید الكردي الموصلي) بوو ناسراو بە (ضیاء الدین): فەرموودەناسێكی بەناوبانگی شاری موسڵ بوو لەساڵی (٥٥٧ك/١١٦٢ز) هەر لەو شارە لە دایك بوو (ابن المستوفي، 1980، ق1، ص237 ؛ ابن قطلوبغا، 1992، ص217). ئەم زانایایە بە مەبەستی وەرگرتنی فەرموودە بۆ چەندین شوێن كۆچی كردووە (ابن المستوفي، 1980، ق2، ص404)، پاشان فەرموودەكانی كۆكردۆتەوەو لە چەند كتێبێكدا نووسیویەتی لە گرینگترینیان: (الجمع بین الصحیحین الإمامین البخاري ومسلم) (چاپكراو) كە بە یەكێك لە بەرهەمە سەرەكیەكانی دادەنرێت و تیایدا بەشێكی زۆر لە فەرموودەكانی ڕاڤە كردووە[18]. لە كتێبەكانی تریشی بریتین لە: (المعلم في اطراف البخاري و مسلم) لەگەڵ (العقیدة الصحیحة في الموضوعات الصریحة) (ابن مستوفي، 1980، ق2، ص404-405). ئەم زانایە دوای ئەوەی گەشت دەكات بۆ شام لەوێ لە (بیت المقدس) مەلیك (المعظم عیسی الأیوبي)[١٨] لە قوتابخانەكەی خۆی دا وەك وانەبێژی فەرموودە دایمەزراند (ابن المستوفي، 1980، ق2، ص404). هەروەها لە حەلەب و دیمەشق فەرموودەی ڕاڤە كردووە (الذهبي، 1996، ج22، ص287). وادیارە لە دوا ساتەكانی تەمەنی دا لە دیمەشق نیشتەجێ بووە و لەساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) هەر لەو شارەدا كۆچی دوایی كردووە (الذهبي، 1985، ج3، ص188).

زانایەكی دیكەی ئەم بوارە كە پێشتر ئاماژەمان پێ كردبوو (مؤفق الدین عبداللطیف الموصلي البغدادي): كە جگە لەوەی قورئان خوێن و (المفسر) بووە، لە هەمان كات دا لە زۆربەی بوارە زانستیەكان دا شوێن پەنجەی دیارە، هەروەك لە زانستی (فەرموودە) بە دیار دەكەوێت، كە دوای ئەوەی سەردانی دیمەشق و حەلەب و (بیت المقدس) دەكات (الذهبي، 2003، مج13، ص889-890 ؛ الذهبي، 1996، مج22، ص321)، گوێبیستی چەندین فەرموودە دەبێت و هەموویان لە چەند كتێبێكدا كۆدەكاتەوە بەڵام مخابن كە دەستنووسەكەیان نەدۆزراونەتەوە. لە گرینگترین كتێبەكانیشی ئەمانەن: (غریب الحدیث الكبیر) (أحادیث مخرجة

من الجمع بين الصحيحين) (اللواء العزيز بأسم الملك العزيز فى الحديث) (غريب الحديث) (ابن أبي اصيبعة،(د.ت)، ص686-693 ؛ ابن قاضي شهبة، 1979، ج2، ص99).

هەروەها یەکێک لەو کەسایەتیە بەناوبانگانەی کە ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە شام (بهاء الدين أبو المحاسن يوسف بن رافع بن تميم الموصلي الشافعي) ناسراو بە (ابن شداد): لە ساڵی (٥٣٩ک/١١٤٥ز) لە موسڵ لە دایک بووە (المنذري، 1984، مج3، ص384 ؛ ابن خلكان، 1970، مج7، ص84).. جگە لەوەی کە دادوەرو مێژوونووس بوو لە هەمان کات دا ڕۆڵێکی کارای هەبووە لە زۆربەی زانستە ئاینیەکان دا. ئەوەی تایبەتە بە زانستی فەرموودە، وادیارە حەزو ئارەزوویەکی زۆری بۆی هەبووە، بۆیە دەبینین کاتێک ڕوودەکاتە شام لە دیمەشق و حەلەب ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە بڵاوکردنەوەی فەرموودەدا وە بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بە هەردوو کتێبی (صحيح البخاري و مسلم) بەستووە و هەمیشە دەیخوێندەوە، تەنانەت (صلاح الدين الايوبي) لە میانەی کۆڕو کۆبوونەوەکانی دا لەگەڵ زانایان بەتایبەتیش لە دیمەشق بانگهێشتی (ابن شداد) ی دەکردو بەشداری پێدەکرد لە کۆبوونەوەکان دا بە تایبەتیش بۆ خوێندنەوەو گێرانەوەی فەرموودەکان (ابن خلكان، 1970، مج7، ص٨٤-٨٥ ؛ السبكي، 1971، ج8، ص361). جگە لەوە ئەم زانایە چەندین قوتابی لە شام پێگەیاندووە و مۆڵەتی زانستی پێداون لەنێویشیان دا مێژوونووسان (ابن العديم) (م:660ك/١٢٦٢ز) و (جمال الدين ابن الصابوني) (م:680ك/١٢٨٢ز) و (ابن خلكان) (م:681ك/١٢٨٢ز) هەروەها (الذهبي، 1996، ج22، ص384-385 ؛ السبكي، 1971، ج8، ص360). (ابن شداد) لەبارەی زانستی فەرموودەوە کتێبێکی گرینگی نووسی لە ژێر ناونیشانی (دلائل الاحكام في أحاديث الرسول عليه السلام) (ابن الشعار، 2005، مج8، ج10، ص211 ؛ الذهبي، 1988، مج1، ص620 ؛ الزركلي، 1986، ج8، ص230) لە ئێستاش دا لە چوار بەش دا چاپ کراوە. ئەوەی شیاوی ئاماژەپێکردن بێت ناوبراو لەلایەن سوڵتان (صلاح الدين) ئەرکی سەرپەرشتیکردنی (المدرسة الصالحية) پێ سپێردرابوو لە قودس، پاشان بووبە وانەبێژ لەوێ، جگە لەوە مەلیک (الظاهر بن صلاح الدين)[١٩] ئەرکی سەرپەرشتی کردنی (المدرسة الظاهرية)[٢٠] پێ بەخشی بوو لە حەلەب (ابن الشعار، 2005، مج8، ج10، ص210-211).

لایەنێکی دیکەی چالاکی و ڕۆلی زانستی (ابن شداد) لە شام بریتی بوو لە بنیادنانی چەند قوتابخانەو فێرگەیەکی زانستی لە حەلەب کە لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی پێگەی خۆی زیاتر بە دیاربخات لە شام، وەک دامەزراندنی قوتابخانەیەک لە نزیک ماڵەکەی خۆی لە ساڵی (٦٠١ک/١٢٠٤ز) هەر خۆشی وانەی تیادا دەگوتەوە تا کۆتاییەکانی تەمەنی، جگە لەوە هەڵساوە بە دروست کردنی (دار الحديث) خانەی فەرموودە (ابن الشعار، 2005، مج8، ج10، ص211). ئەم زانایە لە ساڵی (٦٣٢ک/١٢٣٤ز) لە حەلەب کۆچی دوایی کردووە (أبوشامة، ١٩٧٤، ص163).

وەک ئاشکرایە ئافرەتانی موسوڵمانیش بەشدارییەکی کارایان کردووە لە بەرەو پێشڤەبردنی ڕەوشی شارستانیەت لە کۆمەڵگای ئیسلامدا، نەخاسمە بەهۆی ئامادەبوونیان لە بازنەکانی زانست و بیستن و بڵاوکردنەوەی فەرموودەدا، بۆیە ئافرەتانی هەرێمی جەزیرەش بەدەر نەبوونە لەو ڕۆلە زانستیە. یەکێک لەو زانا ئافرەتانەی کە شوێن پەنجەی دیاربووە لە ناوچەکانی شام (ست دار بنت عبدالسلام): کچی (عبدالسلام بن عبدالله ابن تيمية الحراني)[٢١]. کە لە شاری حەران لە دایک بوو. (ست الدار) لە دیمەشق لەسەر دەستی چەند زانایەک خوێندوویەتی، تا دەبێت بە فەرموودەناسێکی بە تواناو چەندین قوتابی پێ گەیاند لەوانە: (ابو العباس) (ابو محمد) کە برازای خۆی بوون، جگە لە چەندین کەسی تر (الذهبي، 2003، مج15، ص570 ؛ كحالة، (د.ت)، ج2، ص154). ناوبراو لە ساڵی (٦٨٦ک/١٢٨٧ز) لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (الصويركي، 2006، ص308).

زانایەکی دیکەی ئافرەت (زينب بنت مكي بنت علي الحراني) ناسراو بە (أم احمد): لە ساڵی (٥٩٤ک/١١٩٨ز) لە دایک بووە. زانای فەرموودەناس بوو هەروەها لە زانستی تێگەیشتن لە ئاین (الفقه) شارەزای هەبوو (الزركلي، 1986، ج3، ص67 ؛ كحالة، (د.ت)، ج2، ص116). لە شاری دیمەشق نیشتەجێ بووە، خزمەتێکی زۆری بە خوازیارانی زانست گەیاندووە و ئاماژە بەوە دەکرێت فێرخوازان بۆ خوێندن بە کۆمەڵ چونەتە خزمەتی بەمەش ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد. هەروەک لەم دەقەدا بەدیاردەکەوێت: ((ازدحم عليها الطلبة يأخذون عنها علوم الدين، فاشتهرت)) (الزركلي، 1986، ج3، ص67). ئەم زانایە لە ساڵی (٦٨٨ک/١٢٨٩ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (اليافعي، 1997، ج4، ص156 ؛ ابن تغري بردي، (د.ت)، ج7، ص382 ؛ ابن العماد، 1991، مج7، ص706).

### 2.4. زانستی تێگەیشتن لە ئایین (علم الفقه)

ووشەی (الفقه) لە ڕووی زمانەوانییەوە : بە واتای زانین و تێگەیشتن دێت. لە زاراوەشدا بە واتای وەرگرتنی حوکمەکانە لە بەڵگەنامە شەرعیەکانەوە (الجوهري، 1990، ج1، ص2243 ؛ ابن فارس، 1979، ج4، ص442 ؛ الجويني، 1979، ج1، ص85). هەروەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ((قَالُواْ يُشُعَيبُ مَا نَفقَهُ كَثِيرًا مِّمَّا تَقُولُ)) (سورة هود، آية 91).

بە گشتی (الفقه) بە یەکێک لە زانستە هەرە گرینگەکان دادەنرێت لە شارستانیەتی ئیسلامی دا چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە هەیە و چارەسەری کێشەو گرفتە شەرعی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵک دەکات بە شێوەیەکی یاسایی لە ڕێگای پشت بەستن بە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان وەک: قورئان، سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت)، (الإجماع) (التوافق) یان کۆدەنگی، (القياس) پێوانە، هەروەها کار ئاسانی کردن بۆ فتوادان بۆ خەڵک بە پێی هەر چوار مەزهەبە سونییەکە (شافیعی، حەنەفی، حەنبەلی، مالکی) (الخوارزمي، 1989، ص21-23 ؛ حيدر، 2003، مج1، ص17-18 ؛ خليفة، ١٩٤١، مج2، ص1280). ئەمانەی خوارەوە لە گرینگترین فەقیهەکانن:

یەکێک لە زانا دیارەکانی شافیعی مەزهەب کە لە شام ناوی هاتووە. (علي بن عبدالسلام بن يوسف بن موهوب الحسني): بوو کە بە کەسێکی زانست دۆست دادەنرێت و خولیایەکی زۆری هەبووە بۆ زانستی (الفقه) و بۆ ئەم مەبەستە گەشتی کردووە بۆ چەند ناوچەیەک تا وای لێ دێت شارەزاییەکی زۆر پەیدادەکات لەم بارەیەوە، وادیارە زیاتر گرینگی بەو بابەتانە داوە کە لەشەرع دا مشت ومڕی لەسەر هەیە بۆ نموونە لە بنەماکانی زانستی (الفرائض)[٢٢] شارەزاییەکی زۆری پەیداکردووە. جگە لەوە لە چەندین زانستی تریشدا لێزان بووە. ناوبراو گەشتی کردووە بۆشام، وە لە دیمەشق نیشتەجێ بووە تا کۆتایی ژیانی. جێگای ئاماژەیە ئەم زانیاریانەی کە تایبەتن بەو زانایە تەنها (ابن الشعار) باسی کردووە و سەرچاوەکانی دیکە هیچ زانیارییەک لەم بارەیەوە بەدەستەوە نادەن. سەبارەت بە ساڵی لە دایک بوونی ئەم زانایەش وادیارە مێژوونووس باسی نەکردووە تەنها ئاماژە بەوە دەکات: ((لە گوندی (الحسنية) کە گوندێکی مەزن و ناودارە لە موسڵ هاتۆتە دونیاوە و لەوێ گەورە بووە)). سەبارەت بە ساڵی مردنیشی ئاماژە بەوە دەکات کەوا پێش ساڵی (٦٣٠ک/١٢٣٢ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (٢٠٠٥، مج٤، ج٥، ص٩٥).

هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی دادوەرو[٢٣] مێژوونووس (ابن شداد الموصلي) لە زانستی (الفقه)، دەبینین لەو لایەنەدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردووە لە شام. وە گرینگیەکی زۆری بەو زانستە داوە ئەمەش لە ڕێگای نووسینی چەند کتێبێک لەوانە: (كتاب الموجز الباهر للملك الظاهر) کە ئەمەیان ون بووە. هەروەها کتێبی (ملجأ الحكام عند التباس الأحكام) کە تایبەتە بە یاساو دادوەری (ابن الشعار، ٢٠٠٥، مج٨، ج١٠، ص٢١١).

زانایەکی دیکە (ابن ابي الفهم ناصح الدين أبو الفرج عبدالقادر بن عبدالقاهر بن عبدالمنعم الحراني الفقيه الحنبلي): ئەم زانایە لە ساڵی (٥٦٤ک/١١٦٨ز) لە حەران لە دایک بووە، هەر لەزێدی خۆی دەستی بە خوێندن کردووە و پێگەیشتووە دواتر بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنەکەی گەشتی کردووە بۆ چەندین ناوچەی جیاواز (المنذري، 1984، مج3، ص437). وە کاتێک دەگاتە دیمەشق لەوێ لەلایەن چەند زانایەک ئەزموونێکی باشی لەبارەی زانستی (الفقه) وەردەگرێت و بەڕادەیەکی زۆر پەیوەست دەبێت بە مەزهەبی حەنبەلی وە لەم بارەیەوە زۆر فتوای داوە هەروەها کتێبێکی نووسیووە لە ژێر ناونیشانی (المذهب المنضد في مذهب أحمد) بەڵام لەڕێگای مەککەدا دەستنووسەکەی ون کردووە (ابن رجب، (د.ت)، ج3، ص442). ناوبراو لە کۆتایی تەمەنیدا دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و لەوێش دوای ئەنجامدانی چەندین چالاکی زانستی دواجار لە ساڵی (٦٣٤ک/١٢٣٦ز) کۆچی یەکجارەکی دەکات (ابن تغري بردي، (د.ت)، ج6، ص298 ؛ الحارثي، ٢٠٠٧، ص341).

سەبارەت بە کارو چالاکیەکانی زانایانی هەرێمی جەزیرە لە بواری زانستی (الفقه) پێویستە چەند ڕوونکردنەوەیەک بدەین:

یەکەم: ئەوەی تێبینیمان کردووە زۆربەی زاناکان شافیعی مەزهەب بوون، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئەو مەزهەبە بە پلەی یەکەم دەهات لە جیهانی ئیسلامی دا بە گشتی و لە هەرێمی جەزیرە بەتایبەتی لە سەدەی (٧ک/١٣ز). وە کاتێک کۆچیان دەکرد بۆ شام لەسەر هەمان بیروباوەریان دەمانەوە، چونکە بەهەمان شێوە لە شامیش دا ئەو مەزهەبە باوترین مەزهەب بوو لەو کاتەدا.

دووەم: گومانی تیانیە سەرجەم زانستە ئاینییەکان تەواوکەری یەکترن و هەر زانایەک جگە لەوەی لە بوارە زانستیەکەی خۆی دا لێهاتوو بوو، بەلایەنی کەم شارەزای لە بوارەکانی دیکەشدا هەبووە. بەتایبەتیش دەبینین کە زۆربەی ئەوانەی قورئان خوێن و (المفسر) و فەرموودەناس بوون لە هەمان کاتدا فەقیهیش بوون، لەبەرئەوەی لە میانەی بەدواداچوونیان بۆ ئەم زانستانە لە ووردەکاری بابەتە شەرعیەکانی ئاین تێدەگەیشتن، تا وای لێهات بەشێکی زۆریان دەبوون بە دادوەر یاخود و پرس و ڕاوێژیان پێ دەکرا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خەڵک و دەسەڵاتداران و یەکلایی کردنەوەی کێشەکان، بەتایبەتی لە پرسە شەرعیەکان دا زۆرجار فتوایان دەردەکرد

### 2.5. زانستی سۆفیگەری (علم التصوف)

سۆفیگەری بەر لەوەی زانست بێت ئاکارە، بەجۆرێک کەسی سۆفی بانگەشەی پەرستنی خودا دەکات بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر. ئەمەش لەڕێگای دوورکەوتنەوە لە شتە ماددیەکانی ژیان و پاککردنەوەی دڵ و دەروون کە بەشێوەیەکی ئەبەدی دەستەبەردەبێت، بەڵام ئەم جۆری پەرستشە پێویستە کاکڵەو ناوەڕۆکەکەی کارکردن بێت بە قورئان و فەرموودەکانەوە ئەگینا دەچێتە نێو بازنەی پەرستشێکی هەڵەوە (ابن خلدون، مج٣، ص٥٩-٦٠ ؛ عبدالخالق، ١٩٨٤، ص٧-٨). لە خوارەوە ئاماژە بە دیارترین زاناکانی هەرێمی جەزیرە لە شام و پشکدارییان لە بڵاوکردنەوەی هزری سۆفیگەری لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلام لەو وڵاتەدا دەکەین:

یەکێک لە سۆفیەکانی هەرێمی جەزیرە (حماد بن أحمد بن محمد أبو الثناء الحراني): بوو کە چەندین جار سەردانی حەلەبی کردووە، کەسێکی خۆڕاگرو بووە لەسەر کێشەو گرفتەکانی ژیانی تەنانەت ئەو نزیکەی دوانزە ساڵ بەهۆی نەخۆشیەوە ناڵاندوویەتی بەڵام هەمیشە سوپاسگوزاری خودا بووە، ئەو هێندە لە هزری سۆفیەتیدا ڕۆچووبوو تەنانەت خۆی لە هەموو شتە ماددیەکانی ژیان و دووردەخستەوە، خەڵکی باوەڕێکی تەواویان بە هزرو تواناکانی ئەو هەبووە و سەردانیان دەکرد و حەزیان لە بەرەکەتی ئەو بووە، دوای ئەوەی شاری حەلەب بەجێدەهێڵێت دەگەڕێتەوە بۆ حەران و لەوێش خەریکی خواپەرستی دەبێت تاکو مردنی لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٦ز) (المنذري، 1984، مج3، ص209 ؛ ابن العديم، (د.ت)، ج1، ص2907-2908 ؛ الذهبي، 2003، مج13، ص763).

هەروەها (الشيخ بيرم الماردیني): یەکێکی دیکە بوو لەو سۆفیانەی کە لە (الزاوية الدولعي)[٢٤] لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، ئاماژە بەوە دەکرێت، کە بە تەنها ژیانی بەسەر دەبرد و کەسێکی هەژاربوو وە سوپاسگوزار بوو لەسەر هەژاریەکەی و لە خواترس و ڕاستگۆ بوو، زۆربەی ڕۆژەکانیش بە ڕۆژوو دەبوو (أبوشامة، ١٩٧٤، ص١٥٩) وادیارە تەواوی کاتەکانی ژیانی تەنها بە خودا پەرستیەوە بەسەر بردووە و دابڕاو بوو لەخۆشیەکانی دونیاو لە خەڵک (ابن کثیر، ١٩٨٨، ج١٣، ص١٢٨). ئەم سۆفیە لە ساڵی (٦٢٧ک/١٢٢٩ز) هەر لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە (أبوشامة، ١٩٧٤، ص١٥٨-١٥٩).

هەروەها (أيدمر بن قصربا بن عبد الله، أبو إسحاق الموصلي التركي الصلاحي الصوفي) ناسراو بە (إبراهيم): سۆفیەکی دیکەی خەڵکی هەرێمی جەزیرە بوو لە شام ئاکنجی بوو، لە ساڵی (٥٧٩ک/١١٨٣ز) لە موسڵ لە دایک بووە، زێدی خۆی بە جێهێشتووە بە زۆر شارو وڵاتان گەڕاوە دوایین گەشتیشی بۆ دیمەشق بوو، ناوبراو کاتەکانی ژیانی خۆی بە نوێژ کردن و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئیسلام و کۆمەکی و یارمەتیدانی خەلک بەسەر بردووە، لە ساڵی (٦٢٧ک/١٢٣٠ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (ابن الشعار، ٢٠٠٥، مج١، ج١، ص١١٠-١١١).

سۆفیەکی دیکە (محمد بن إبراهيم بن مسلم بن سلمان الفخر أبو عبد الله الإربلي): بوو، کە لە ساڵی (٥٥٩ک/١١٦٤ز) لە هەولێر لە دایک بووە، ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی زانست و هزری سۆفیگەری بەتایبەتی لە شام چەندین کەسی پێ گەیاندووە. وادیارە خەڵکێکی زۆر سەردانیان کردووەو گوێ بیستی بوونەو حەزیان لە بەرەکەتی ئەو بووە. لە ساڵی (٦١٤ک/١٢١٧ز) لە دیمەشق ناوی هاتووە، دوای ماوەیەک مانەوە لەوێ دواجار دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و لە ساڵی (633ك/١٢٣٥ز)ماڵئاوایی لە ژیان دەکات (الذهبي، 2003، مج14، ص117-118 ؛ ابن العماد، 1991، مج7، ص281).

هەروەها (الحسين الدين إبراهيم بن الحسين بن يوسف أبو عبد الله شرف الدين الهذباني الكوراني الإربلي الشافعي): زانایەکی دیکەبوو کە لە ساڵی (٥٦٨ک/١١٧٢ز) لە دایک بووە، جگە لەوەی کەوا سۆفی بوو لە هەمان کات دا شارەزای زانستەکانی زمانی عەرەبی بوو بەتایبەتی لەبواری ئەدەبدا دەستێکی باڵای هەبووە لە دیمەشق و (بعلبک) چەندین کۆڕو کۆبوونەوە و

چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵک سازدەکرد و سوودێکی زۆریان لە زانست و هزری سۆفیگەری ئەو وەرگرت، ناوبراو لە ساڵی (656ك/١٢٥٨ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی (الصوفية) بە خاک سپێردرا (اليونيني، 1992، مج1، ص125-126).

سۆفیەکی دیکە (الشيخ مجد الدين أبو العباس أحمد بن علي بن أبي غالب الإربلي النحوي الحنبلي): بوو کە بەهەمان شێوە سۆفی و شارەزای زانستی زمانی عەرەبی بوو، حەزو خولیای ناوبراو بۆ هزری سۆفیگەری لە هەولێرەوە سەری هەڵدا، دواتر سەردانی دیمەشق دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، وادیارە لە یەکێک لە مزگەوتەکانی ئەو شارە وەک وانەبێژێک دەست دەکات بە بڵاوکردنەوە و خستنەڕووی بەهرەو تواناکانی. ناوبراو لە ساڵی (657/١٢٥٩ز) ماڵئاوایی لە ژیان کردووە (ابن رجب، ٢٠٠٥، ج4، ص58 ؛ ابن العماد، 1991، مج7، ص498).

هەروەها (الشيخ إبراهيم الفارقي): ئەوەی لەبارەی ئەو سۆفیە زانراوە بە ڕەگەز خەڵکی (اسعرد) بوو بەڵام لە (الزاوية)[٢٥] یاخود گۆشەیەک کە لە تەنیشت مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق ئاکنجی بوو، وەک سۆفیەک زۆربەی کاتەکانی ژیانی بۆ مەبەستی خواپەرستی لەوێ بەسەربردووە. ناوبراو لە ساڵی (658ك/١٢٦٠ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (أبوشامة، ١٩٧٤، ص٢١٠ ؛ حسن، ٢٠٠٩، ص٢٥٥).

یەکێکی دیکە لە زاناو سۆفیەکانی خەڵکی جەزیرە کە لە شام نێوی هاتبێت (عمر بن يعقوب بن عثمان تقي الدين الإربلي الصوفي): بوو، کە لەساڵی (٥٩٨ک/١٢٠١ز) لە هەولێر (اربل) لە دایک بووە، بەمەبەستی وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانست و هزری سۆفیگەری بۆ چەندین وڵات گەشتی کردووە و دوایین گەشتیشی بۆ دیمەشق بوو، ناوبراو کەسێکی بەبەزەیی و چاکەکار و شارەزا بوو، لە خانەقای[٢٦] (السميساطية)[٢٧] نیشتەجێ بوو، ڕۆڵێکی گرینگی بینیووە لە بڵاوکردنەوەی زانست و هزری سۆفیگەری وە چەندین کەس لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتن، لە ساڵی (673ك/١٢75ز) لە جەژنی قوربان دا لە دیمەشق گیانی سپاردووە (الذهبي، 2003، مج15، ص265 ؛ الذهبي، 1985، ج3، ص327 ؛ ابن تغري بردي، (د.ت)، ج7، ص248).

سۆفیەکی دیکە (ولي الدين علي بن أحمد بن بدر بن أبي القاسم الجزري الشافعي) بوو ناسراو بە (الشيخ الصالح الزاهد): ئەم زانایە کە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ جەزیرەی (ابن عمر) وەک فەقیھ و سۆفی ناسرابوو، مەبەستی وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانست بۆ چەندین شارو وڵات گەشتی کردووە، بەتایبەتیش بەرەو حەلەب و دیمەشق (الذهبي،2003،مج15،ص٣٩٤). سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم کەسایەتیە لە شام سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا لەناو مزگەوتی (بيت لهيا)[٢٨](الزاوية) یاخود گۆشەیەکی بۆ خۆی دروست کردبوو کە تیایدا خەریکی خواپەرستی و بڵاوکردنەوەی هزری سۆفیگەری و فیقهی شافیعی بوو هەروەها خەڵک باوەڕیان پێی هەبووە و سەردانیان کردووە، ناوبراو لە ساڵی (680ك/١٢٨١ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (اليونيني، 1992، ج4، ص112).

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج بوو بەلای ئێمەوە، دەبینین سروشتی سۆفیەکان وابووە کە زیاتر لە خەڵکی ئاسایی خەریکی پەرستش و عیبادەت بوون، تەنانەت خۆیان لە خەڵکی تر جیادەکردەوەو گۆشەیەکیان لە مزگەوتەکانی شام دروست دەکرد و بە تاکە شوێنی گونجاوییان دادەنا بۆ ژیان و پەرستنی خودا. ئەم بۆچوون و هزرەش لە مێژووی ئیسلام دا پێی دەوترێت (الاعتكاف) کە جۆرێکی دیکەی پەرستنی خودایە لە ڕێگای پابەند بوون بە مزگەوتەوە. کە لەو ڕێگایەوە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا هێندە قوڵ دەبێتەوە ئەو کەسە هیچ شتێکی دونیای بەلاوە گرینگ نیە جگە لە بیرکردنەوە لە خوداو ڕۆژی دوایی. جگە لەوە دەبینین زۆربەی ئەوانەی دەبوون بە سۆفی پێشتر پیشەو مووچەی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی دەبوون بە سۆفی دەست بەرداری پیشەی پێشوویان دەبوون، بۆ نموونە: (حماد بن أحمد بن محمد) کە پێشتر ئاماژەمان بە کارو چالاکیەکانی کردبوو، ئەو کەسە پێشتر دارتاش بوو وە خاوەن مووچەی خۆی بوو بەڵام دواتر دەست بەرداری پیشەو مووچەکەی بوو. تەنانەت بەشێکیان بڕیاریان دابوو بە تەنها ژیان بەسەر ببەن و تا هەتایە هاوسەرگیری نەکەن، لەبەرئەوەی لە دیدی ئەوان هەموو ئەم شتانە ماددیاتی ژیانن و دڵ و دەروون سەرقاڵ دەکەن و وادەکەن مرۆڤ کەمتر ڕوو لەخوا بکات، ئەمەش بیرو بۆچوونێکی تایبەت بە خۆیان بووە.

### 3. ئەنجام

دوای شەنوکەو کردنی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرچاوەکاندا تایبەت بە ڕۆڵی زانایانی جەزیرە لە بواری زانستە نەقلیەکان لە وڵاتی شام ئاماژەی پێکراوە، وە خستنەڕووی ئەو زانیاریانەو لەبەریەکڕانانیان دەگەین بەم ئەنجامانەی خوارەوە :

1. بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە وڵاتی شام لەسەدەی حەوتەمی کۆچی/سیانزەی زایینی هەیبوو لە ڕووی زانست و زانیارییەوە، وای کردبوو ببێتە جێگای سەرنجی زانایانی جیهانی ئیسلامی بە گشتی و هەرێمی جەزیرە بەتایبەتی، هەربۆیە لە پێناو زیاتر ڕۆشن کردنی ئاسۆی زانستیان بەرەو ئەو وڵاتە کۆچیان دەکرد.
2. لەگەڵ کۆچی زانایانی هەرێمی جەزیرە بۆ وڵاتی شام بزاڤی زانستی پتر گەشەی سەند لەو وڵاتەدا ئەمەش بەهۆی ئەو زیرەکی و لێهاتووییەی کە زاناکان هەیان بوو لە زانستە ئایینیەکاندا، بۆیە توانیان کۆمەڵێک چالاکی زانستی گرینگ ئەنجام بدەن بەتایبەت لە ڕووی وانەبێژی و وتاردان، لە هەمووشی گرینگتر نووسینی چەندین پەرتووک بوو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستە ئایینیەکان دا.
3. زانایانی هەرێمی جەزیرە لە نێو زانستە ئایینیەکاندا پتر گرینگیان بە زانستی قورئان و فەرموودە داوە، چونکە بە بۆچوونی ئەوان ئەو دوو زانستە دوو بواری گرینگن کە خزمەتی زانستی تێدا بکەن بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی بە گشتی و وڵاتی شام بەتایبەتی، هەربۆیە ئەوەی تێبینی دەکرێ زۆربەی ئەوانەی فەقێ و سۆفی بوون لەهەمان کاتدا قورئان خوێن و فەرموودەناسیش بوون.
4. ئەو زانایانەی کەوا لەبواری (الفقه) شارەزابوون بەشێکیان دەکران بە دادوەر یاخود پلەو پۆستیان پێ دەدرا و پرس و ڕاوێژیان پێ دەکرا، بەتایبەتی لە ڕووی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و یەکلایی کردنەوەی کێشەو گرفتەکان چونکە فەقیهەکان لە وردەکاری بابەتە شەرعیەکان تێدەگەیشتن و بۆ یەکلایی کردنەوەی هەر بابەتێک پەنایان بۆ دەقەکانی قورئان و فەرموودەکان دەبرد. بۆ نموونە: (ابن شداد الموصلي) لە لایەن سولتان (صلاح الدین) وەک یەکەم دادوەر لەو شارەدا دامەزرا. لە دوای مردنی سوڵتانیش بەرەو حەلەب بەڕێکەوت و لەلایەن مەلیک (الظاهر غازي بن صلاح الدين) پۆستی (قاضي القضاة) دادوەری دادوەرانی پێ سپێردرا.
5. گرینگیدانی لە ڕادەبەدەری زانایانی هەرێمی جەزیرە بۆ زانستە ئایینیەکان بووە هۆی ئەوەی کەوا هێندە لە ئاییندا ڕۆبچن تا وای لێهات بەشێکی زۆریان ڕێگای سۆفیگەری و (الاعتكاف) یان دەگرتەبەرو خۆیان لە ژیانی دونیاو ماددیاتی ژیان بەدووردەگرت.

### 4. پەراوێز

1. ماکسین: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە سەر ڕووباری خابوور لە هەرێمی جەزیرە (ياقوت الحموي، ١٩٧٧، مج5، ص43).
2. السبع (القراءات السبعة): مەبەستی لەو حەوت (المقرىء) یە کە شێوازی خوێندنەوەی قورئان سەرەتا لە زاری ئەوانەوە گوازراوەتەوە، کە ئەمانەن: (عبدالله بن كثير الداري المكي، عبدالله بن عامر اليحسبي الشامي، عاصم بن ابي النجود الاسدي الكوفي، أبو عمرو زبان بن العلاء البصري، حمزة بن حبيب الزيات الكوفي، نافع بن عبدالرحمن بن ابي نعيم المدني، يعقوب بن اسحاق الخضرمي). بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: (الداني، 2005، ج1، ص16-19 ؛ الزرقاني، (د.ت)، ج1، ص٤١٢-٤٧٧).
3. القبیصة: گوندێکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ (ياقوت الحموي، 1977، مج4، ص308).
4. الشيخ أبي الفضل الجنزوي: زاناو فەقیهێکی بەناوبانگی شافیعی مەزهەب بوو، بە ڕەگەز خەڵکی دیمەشقە، لەساڵی (٤٩٨ک/1104ز) چاوی بە دونیا هەڵێناوە. لە ماوەی ژیانی دا توانیویەتی خزمەتێکی مەزنی پێشکەش بکات و چەندین کەس لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتوون. لەساڵی (٥٨٨ک/1192ز) کۆچی دوایی کردووە (الذهبي، 1984، ج21، ص234-235 ؛ الصفدي، 2000، ج9، ص95-96).
5. علم الدين السخاوي: زاناو قورئان خوێنێکی بەناوبانگی شافیعی مەزهەبی بە ڕەچەڵەک میسری بوو، دانیشتووی شاری دیمەشق بوو، لەساڵی (٥٥٨ک/1163ز) لە دایک بووە. جگە لەوەی قورئان خوێن بوو لەهەمان کات دا لە زانستەکانی (التجويد، الفقة، النحو) و زمانەوانی دا، شارەزاییەکی زۆری هەبووە هەروەها خاوەنی چەندین پەرتووک و نووسراوی گرینگ بووە، شیاوی باسە بەشێکی زۆری زانایانی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و هەرێمی جەزیرە بە تایبەتی لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتوون و ئیجازەی زانستیان وەرگرتووە. ئەم زانایە لە ساڵی (٦٤٣ک/1245ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (ابن خلكان، ١٩٧٠، مج٣، ص٣٤٠-٣٤١).
6. الفسقار: بازاڕێکە دەکەوێتە ناو (باب الجابیة) لە نزیک دیمەشق. لە ئێستادا پێی دەڵێن بازاڕی مەدحەت پاشا (الشهابي، 1999، ج2، ص٩٦). وادیارە مزگەوتی (طوغان) لەناو ئەو بازاڕەدا بووە بەڵام مزگەوتەکە هیچ شوێنەوارێکی نەماوە. هەروەها سەرچاوەکانیش زانیاریەکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەداوە لەم بارەیەوە.

7. تربة أم الصالح: هەروەهـا پێشـیان دەوت (المدرسـة الصـالحیة)، دەكەوێـتە ڕۆژئـاوای قوتابخانەكـانی (الطیبـة) و (الجوهریـة الحنفیـة) و قوتابخـانەی (الشـامیة الجوانیـة) لە ڕۆژهەڵات، كە لە لایەن مەلیـك (الصـالح اسـماعیل الأیـوبي) دەسـەڵاتداری دیمەشق دامەزراوە (النعیمي، 1990، ج1، ص239).
8. زانستی التجوید: لەو یاسـایانە دەكـۆڵێتەوە كە پێویسـتە ڕەچـاوبكرێن لەكـاتی قورئـان خوێنـدنەوەدا وەك چـۆنیەتی دەربڕینـی پیتەكانی قورئان بەشێوەیەكی ڕاست و دروست (خلیفة، ١٩٤١، مجا، ص٣٥٣).
9. كتێبی (حرز الأماني ووجه التهاني في القراءات السبع)، ناسراو بە (الشاطبیة)، نووسەرەكەی (الإمام أبو محمد الشـاطبي) بـوو كە زاناو قورئان خوێنێكی بەناوبانگی بە ڕەگەز ئەندەلوسی بوو، لە سـاڵی (٥٩٠ك/1194ز) كـۆچی دوایـی كـردووە (ابـن خلكـان، ١٩٧٠، مج٤، ص٧١-٧٢).
10. فخرالدین ابن تیمیة الحراني: زانایەكی بەناوبانگی حەنبەلی بوو شارەزاییەكی زۆری هەبوو لە زانستە ئاییینیەكـان دا، جـگە لەوە لە بواری شیعریشدا لێهاتوو بووەو خاوەنی دیوانێكی شیعری بوو لەساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) هەر لە زێدی خۆی لە حەران كـۆچی دوایی كردووە (ابن خلكان، (د.ت)، ج٤، ص٣٨٦-٣٨٧).
11. نصیبین: شارێكە لە هەرێمی جەزیرە لەسەر ڕێگای نێوان موسڵ و وڵاتی شام، دووری نێوانیان لەگەڵ موسڵ تەنها شەش ڕۆژە (یاقوت الحموي، 1977، مج5، ص288).
12. بعلبك: شارێكی كۆنە لە وڵاتی شام خاوەنی چەندین قەڵاو كۆشكی شوێنەوارییە. دووری نێوانیـان لەگەڵ دیمەشـق تەنهـا سێ ڕۆژە (یاقوت الحموي، 1993، جا، ص٤٥٣). ئێستا دەكەوێتە دۆڵی (البقاع) لە ڕۆژهەڵاتی لوبنان.
13. علم الدین طلحة مقرىء الحلبي: زاناو قورئان خوێنێكی بەناوبانگی شاری حەلەب بوو هەروەها شارەزای زانسـتەكانی (النحـو و ڕێزمانی عەرەبیش بوو، چەندین كەس لەسەر دەسـتی ئەو پێگەیشـتوون و ئیجـازەی زانسـتیان وەرگرتـووە، لەپێنـاو پەرەدانی زیاتر بە زانستەكەی لە ساڵی (٦٩٢ك/1293ز) سەردانی دیمەشق دەكات، دواتریش دەچێتە (بعلبك) و لەوێ دەست دەكات بە خوێندنی زانستی قورئان (ابن الجزري، 2006، جا، ص٣١٠).
14. الرملة: ئەم شارە پێگەیەكی جوگرافی گرینگـی هەیە لەبەرئەوەی دەكەوێتە ناوەڕاسـتی فەڵەسـتین، بەجۆرێـك بەشـی بـاكور و باشووری فەڵەستین لەگەل ڕۆژهەلات و ڕۆژئـاوا بەیەكـتر دەبەسـتێتەوە، جـگە لەوە بە خـاڵی بەیەك گەیشـتی شـام و میسرـ دادەنرێت. وە لە ڕابردوودا بەیەكێك لە شوێنە هەرە سەرنجڕاكێشەكانی فەڵەستین دادەنـرا و مەڵبەنـدێكی گرینگـی بازرگـانیش بوو (الإدریسي، 2002، مج1، ص356 ؛ الخطیب، (د.ت)، ص11. تەنـانەت لە ئێستاشـدا بە یەكێـك لە شـارە هەرە گرینگەكـان دادەنرێت.
15. ابـن الخطیـب الـري فخـر الـدین الـرازي: زانـاو فەقیهێكـی بەناوبـانگی بە ڕەچەڵەك فـارس بـوو لە (طبرسـتان) لە سـاڵی (٥٤٣ك/١١٤٨ز) لە شاری (الری) لە دایك بووە. ئەم زانایە شارەزاییەكی زۆری لە هەردووك زانستە نەقڵیەكـان و عەقڵیەكـان دا هەبوو، لە ماوەی ژیانیدا چەنـدین گەشـتی زانسـتی ئەنجـام داوەو سـوودێكی زۆری بە زانسـت خـوازان گەیانـدووە. لە سـاڵی (٦٠٦ك/١٢٠٩ز) لە شاری (هراة) كۆچی دوایی كردووە (ابن خلكان، (د.ت)، مج٤، ص٢٤٨-٢٥٢).
16. الرسعن: (رأس العین) سەرێ كانی: لە كۆن دا شارێك بوو كە دەكەوتە نێوان حەران و نصیبین و دونەیسـەر (یـاقوت الحمـوي، 1977، مج٣، ص١٤). ئێستاش دەكەوێتە نێوان سنووری كوردستانی باكورو كوردستانی ڕۆژئاوا.
17. الكواشي: یان (الكواشة) قەڵایەكی پتەوە دەكەوێتە ناوچەیەكی شاخاوی لە باكوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە كۆن دا بە قەڵای (أردمشت) ناسراوبوو (یاقوت الحموي، 1977، مج٤، ص٤٨٦).
18. المعظم عیسى الأیوبي: (٦١٥-٦٢٤ك/١٢١٨-١٢٢٧ز): یەكێك بوو لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئەیـوبی لە دیمەشـق كـوڕی مەلیـك (العادل الأیوبي) بوو، لەساڵی (٥٧٦ك/١١٨٠ز) لە قاهیرە لە دایك بووە، جگە لەوەی كەسایەتیەكی سیاسی بوو، لە هەمان كاتـدا زاناو فەقیهو شاعیریش بووە، لە ساڵی (٦٢٤ك/١٢٢٧ز) لە دیمەشق كۆچی دوایی كردووە (الذهبي، 1996، ج22، ص120-122).
19. الظاهر بن صلاح الـدین: (582-٦١٣ك/١١٨٦-١٢١٦ز): نـاسراو بە مەلیـك (الظـاهر غیـاث الـدین) یەكێـك بـوو لە دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتی ئەیوبی لە حەلەب، كوڕی سوڵتان (صلاح الدین الأیوبي) بوو، لە سـاڵی (٥٦٨ك/١١٧٢ز) لە قـاهیرە لە دایـك بـووە، بە كەسێكی دادپەروەر و زانست دۆست لە قەڵەم دەدرێت. لە ساڵی (٦١٣ك/١٢١٦ز) لە شاری حەلەب كۆچی دوایـی كـردووە (ابـن خلكان، (د.ت)، ج٤، ص٦-٧).
20. المدرسة الظاهریة البرانیة: ئەم قوتابخانەیە لە دەرەوەی دەرگای (النصر) لە گەڕەكـی (المنیبـع) لە قەراغـی هەردوو ڕووبـاری (القنوات) و (بانیاس) لە سەردەمی مەلیك (الظاهر غازي الایوبي) بنیادنراوە (النعیمي، ١٩٩٠، جا، ص257).

21. عبدالسلام بن عبدالله ابن تيمية الحراني الحنبلي: زانایەکی بەناوبانگی هەرێمی جەزیرەیە لەساڵی (٥٩٠ک/١١٩٤ز) لە حەران لە دایک بووە، لە زانستەکانی (التفسير، الحديث، الفقه) شارەزاییەکی زۆری هەبووەو لەم بارەیەوە خاوەنی چەندین بەرهەمی گرینگە. لە ساڵی (٦٥٢ک/١٢٥٤ز) هەر لە زێدی خۆی لە حەران کۆچی دوایی کردووە (الزركلي، 2002، ج4، ص6).
22. الفرائض: واتا زانستی میرات، کە هەوڵ دەدات بۆ چۆنیەتی زانینی هەژمارکردنی میرات و دابەش کردنی بە پێی شەریعەتی ئیسلام (ابن خلدون، ١٩٩٢، مج٣، ص١٤).
23. لە دوای ئازادکردنی (بيت المقدس) (ابن شداد) لە لایەن سولتان (صلاح الدين) وەک یەکەم دادوەری سەربازی لەو شارەدا دامەزرا. لە دوای مردنی سوڵتانیش بەرەو حەلەب بەڕێکەوت و لەلایەن مەلیک (الظاهر غازي بن صلاح الدين) پۆستی (قاضي القضاة) دادوەری دادوەرانی پێ سپێردرا. بڕوانە: (ابن الشعار، ٢٠٠٥، مج٨، ج١٠، ص٢١٠ ؛ السبكي، ١٩٧١، ج8، ص361).
24. الزاوية الدولعي: هەروەها پێشی دەوترا (الزاوية الغزالية)، دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق. ئەم گۆشەیە کە زیاتر تایبەت بوو بە سۆفیەکان لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک زانای بەناوبانگ تیایدا خەریکی وانە وتنەوەو بڵاوکردنەوەی زانستە شەرعیەکان بوون لە نێویان دا (الشيخ ضياء الدين عبدالملك الدولعي) (٥٠٧-٥٨٩ک/١١١٣-١١٩٣ز) کە یەکێک بوو لەزانا بەناوبانگەکانی هەرێمی جەزیرە کە لە وڵاتی شام ئاکنجی بوو، هەربۆیە ئەو شوێنە بە (الزاوية الدولعي) دەناسرا. بەڵام سەبارەت بە بنیادنانی شوێنەکە سەرچاوەکان زانیارییان بەدەستەوە نەداوە (ابن كثير، ١٩٨٨، ج١٣، ص١٢٨ ؛ ابن تغري بردي، (د.ت)، ج6، ص181 ؛ النعيمي، 1990، ج1، ص314).
25. الزاوية: گۆشە یاخود شوێنی سۆفیەکانە، بۆ خواپەرستی و خەڵوەت گرتن (النعيمي، 1990، ج2، ص152 ؛ حسن، ١٩٦٨، ج٤، ص٤٢٣).
26. خانەقا (الخانقاه): ووشەیەکی فارسی یە لە بنەچەدا پێی وتراوە (الخانكاه)، بە مانای ماڵی سۆفییەکان دێت. هەروەها بە (رباط)ی سۆفیەکان وتراوە (خوانق) کە کۆی (خانەقایە) (النعيمي، 1990، ج2، ص152).
27. خانەقای (السميساطية): ئەم خانەقایە لە (سميساط) کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری فورات و (بلاد الروم) و (ملطية) لایەن (أبي القاسم علي بن محمد بن يحيى السلمي السميساطي الدمشقي) دامەزراوە، کە یەکێک بوو لە گەورە دەسەڵاتدارانی دیمەشق، لە ساڵی (٤٥٣ک/١٠٦١ز) کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی شایەنی باسە ناوبراو ئەم خانەقایەی تایبەت کردبوو بۆ نیشتەجێبوونی ئەو سۆفیانەی کە هەژار و بێ خانە بوون (النعيمي، 1990، ج2، ص118-١١٩).
28. بيت لهيا: یاخود (البتلهيّ) گوندێکە دەکەوێتە شاری (غوطة) لە دیمەشق (ياقوت الحموي، 1977، مج1، ص522 ؛ ابن العماد، 1989، مج4، ص224).

### 5. لیستی سەرچاوەو ژێدەرەکان


- الإدريسي. (2002). نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية.
- البغدادى. (1951). هدية العارفين، بيروت: دار إحياء التراث العربي.
- ابن أبي أصيبعة. (د.ت). عيون الأنباء في طبقات الأطباء، شرح وتحقيق: نزار رضا، بيروت: دار مكتبة الحياة.
- أبي داود. (2009). سنن أبي داود، تحقيق: شعيب الارنؤوط و محمد كامل قره بللى، بيروت: دار الرسالة العالمية.
- بەحرکەیی، ئەبوبەکر مەلا طاهر. (٢٠١٦). مێژووی زانایانی کورد، چ٢، هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.
- ابن تغري بردي. (د.ت). النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، القاهرة: المؤسسة المصرية العامة.
- ابن الجزري. (2006). غاية النهاية في طبقات القراء، تحقيق: ج. برجستراسر، ط1، بيروت: دار الكتب العلمية.
- الجوهري. (1990). الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، ط4، تحقيق: أحمد عبدالغفور عطار، بيروت: دار العلم الملايين.
- الجويني. (1979). البرهان في أصول الفقه، ط1، تحقيق: عبدالعظيم الديب، قطر، (د.م).
- الحارثي، عبدالله بن ناصر بن سليمان. (2007). الأوضاع الحضارية في إقليم الجزيرة الفراتية، ط1، تحقيق: سعيد عبدالفتاح عاشور، بيروت: دار العربية الموسوعات.
- ابن حجر. (2002). لسان الميزان، تحقيق: (عبدالفتاح ابو غدة، ط1، بيروت: مكتبة المطبوعات الاسلامية.
- حسن، ابراهيم حسن. (١٩٦٨). تاريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي، ط١، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.
- حسن، قادر محمد. (2009). إسهامات الكرد في الحضارة الإسلامية، ط1، دهوك: دار سبيريز.
- حيدر، علي. (2003). درر الحكام شرح مجلة الأحكام، بيروت: دار الجيل.
- الخطيب، حامد. (د.ت). قصة مدينة الرملة، رام الله: المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم.
- خليفة، حاجي. (1941). كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، بيروت: دار إحياء التراث العربي.
- الخوارزمي. (1989). مفاتيح العلوم، ط1، تحقيق: إبراهيم الأبياري، بيروت: دار الكتاب العربي.
- ابن خلدون. (1858). العبر وديوان المبتدأ والخبر، تحقيق: أ.م.كاترمير، بيروت: مكتبة لبنان.

- ابن خلكان. (1970). وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، حققه: إحسان عباس، بيروت: دار صادر.
- الداني، ابو عمرو. (2005). جامع البيان في القراءات السبع المشهورة، تحقيق: محمد صدوق الجزائري، ط1، بيروت: دار الكتب العلمية.
- الذهبي. (2003). تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ط1، تحقيق: بشار عواد معروف، ، بيروت: دار الغرب الإسلامي.
- الذهبي. (1985). العبر في خبر من غبر، ط1، تحقيق: أبو هاجر محمد السعيد بن بسيوني زغلول، بيروت: دار الكتب العلمية.
- الذهبي. (1988). معرفة القراء الكبار على الطبقات والأعصار، ط2، تحقيق: بشار عواد معروف وأخرون، بيروت: دار مؤسسة الرسالة.
- الذهبي. (1996). سير اعلام النبلاء، تحقيق: بشار عواد معروف و محي هلال السرحان، ط11، بيروت: مؤسسة الرسالة.
- ابن رجب. (2005). ذيل طبقات الحنابلة، ط1، تحقيق: عبدالرحمن بن سليمان العثيمين، الرياض: مكتبة العبيكان
- الرسعني. (2008). رموز الكنوز في تفسير الكتاب العزيز، دراسة وتحقيق: عبدالملك بن عبدالله بن دهيش، ط1، مكة المكرمة: مكتبة الاسدي.
- الزرقاني، محمد عبدالعظيم. (د.ت). مناهل العرفان في علوم القرآن،(د.م.)، مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركاه.
- الزركشي. (2006). البرهان في علوم القرأن، تحقيق: ابي الفضل الدمياطي، القاهرة: دار الحديث.
- الزركلي. (1987). الأعلام، ط7، بيروت، دار العلم الملايين. (2002). ط15، بيروت: دار العلم الملايين.
- السبكي. (1971). طبقات الشافعية الكبرى، ط6، تحقيق: عبدالفتاح محمد الحلو و محمود محمد الطناحي، القاهرة: دار احياء الكتب العربية.
- سلطان، ابراهيم محمد ابراهيم. (1439). آيات الأحكام في تفسير الإمام الرسعني الحنبلي (رموز الكنوز في تفسير الكتاب العزيز)، اطروحة دكتورا غير منشور، بإشراف: قدمت إلى جامعة أم القرى، كلية الدعوة وأصول الدين، جامعة أم القرى: قسم الكتاب والسنة.
- السيوطي. (1415). تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، تحقيق: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، ط2، الرياض: مكتبة الكوثر.
- السيوطي. (1979). بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، ط3، بيروت: دار الفكر.
- أبو شامه. (١٩٧٤). ذيل على الروضتين، ط2، بيروت: دار الجيل.
- ابن الشعار. (2005). قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان، ط1، تحقيق: كامل سلمان الجبوري، بيروت: دار الكتب العلمية.
- الشهابي، قتيبة. (1999). معجم دمشق التاريخي، دمشق: وزارة الثقافة.
- ابن الصابوني. (1986). تكملة اكمال الاكمال في الانساب والأسماء والألقاب، تحقيق: مصطفى جواد، ط1، (د.م): مطبعة عالم الكتب.
- الصالح، صبحى. (١٩٦٣). علوم الحديث ومصطلحة، ط٢، دمشق: مطبعة جامعة دمشق.
- الصفدي. (1911). نكت الهميان في نكت العميان، مصر: المطبعة الجمالية.
- الصفدي. (2000). الوافي بالوفيات، تحقيق: احمد الارناؤوط و تركي مصطفى، ط1، بيروت: دار احياء التراث العربي.
- الصويركي، محمد علي. (2006). معجم اعلام الكرد في تاريخ الاسلامي والعصر الحديث، السليمانية: مؤسسة حمدي للطبع والنشر.
- العثيمين، محمد صالح. (2001) أصول في التفسير، تحقيق: القسم التحقيق بالمكتبة الاسلامية، ط1، (د.م.ت).
- عبدالخالق، عبدالرحمن. (١٩٨٤). فضائح الصوفية، ط١، الكويت: مكتبة ابن تيمية.
- ابن العديم. (د.ت). بغية الطلب في تاريخ حلب، تحقيق: سهيل زكار، بيروت: دار الفكر.
- ابن العماد. (1991). شذرات الذهب في أخبار من ذهب، ط1، تحقيق: محمود الأرناؤوط، بيروت: دار ابن كثير.
- ابن فارس. (1979). معجم مقايس اللغة، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، (د.م): دار الفكر.
- ابن الفوطي. (1374). مجمع الاداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم، ط1، تهران: وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى.
- القطان، مناع. (د.ت). مباحث في علوم القرآن، ط٧، القاهرة: مكتبة وهبة.
- ابن قاضي شهبة. (1979). طبقات الشافعية، ط1، حيدر آباد: دائرة المعارف العثمانية.
- ابن قطلوبغا. (1992). تاج التراجم، ط1، تحقيق: محمد خير رمضان يوسف، دمشق: دار القلم.
- ابن القفطي. (1986). انباه الرواة على أنباه النحاة، تحقيق: محمد أبو الفضل ابراهيم، ط1، بيروت: دار الفكر العربي. القاهرة : مؤسسة الكتب الثقافية.
- كحالة، عمر رضا. (د.ت). إعلام النساء، بيروت: مؤسسة الرسالة.
- ابن كثير. (١٩٨٨). البداية والنهاية، ط٧، بيروت: مكتبة المعارف.
- الكواشي. (2006). التلخيص في تفسير القرآن العظيم، تحقيق: محيي هلال السرحان، بغداد: المركز محكمة علميا.
- ماجد،عبدالمنعم. (1996). تاريخ الحضارة الاسلامية، ط7، القاهرة: مكتبة الأنجلو.
- محمد، أكو برهان. (2012). الحياة الثقافية في دياربكر في العصر العباسي، اربيل: مطبعة الاكاديمية الكردية.
- ابن مستوفي. (1980). تاريخ إربل، تحقيق: سامي بن السيد خماس الصقار، ق1، بغداد: دار الرشيد
- مسلم. (1991). صحيح مسلم، ط1، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، بيروت: دار الكتب العلمية.
- المنذري. (1984). التكملة لوفيات النقلة، ط2، تحقيق: بشار عواد معروف، بيروت: مؤسسة الرسالة.
- النعيمي. (1990). الدارس في تاريخ المدارس، أعد الفهارسة: ابراهيم شمس الدين، ط1، بيروت: دار الكتب العلمية.
- الهاشمي، رحيم كازم محمد. (2013). پوختەی شارستانیەتی ئیسلامی، وەرگێر: نیهاد جەلال حبیب الله، هەولێر: چاپخانەی چوارچرا.
- الهندي. (1985). كنز العمال، تحقيق: بكري حياني و صفوة السقا، ط5، بيروت: مؤسس الرسالة.
- اليافعي. (1997). مرآة الجنان وعبرة اليقظان، ط1، وضع حواشية: خليل منصور، بيروت: دار الكتب العلمية.
- ياقوت الحموي. (1977). معجم البلدان، بيروت: دار صادر.
- ياقوت الحموي. (1993). معجم الأدباء، تحقيق: إحسان عباس، ط1، بيروت: دار الغرب الاسلامي.
- اليونيني. (1992). ذيل مرآة الزمان، ط2، القاهرة: دار الكتاب الإسلامي.

**الدور العلمي لعلماء إقليم الجزيرة في بلاد الشام في القرن السابع الهجري/ الثالث عشر ميلادي**
**(العلوم النقلية) أنموذجا**

**قادر محمد حسن**
قسم التاريخ ،كلية الآداب،جامعة صلاح الدين - أربيل
qader.hassan@su.edu.krd

**روشن رمضان عبدالرحمن**
قسم التاريخ ،كلية الآداب،جامعة صلاح الدين - أربيل
rawshan.abdulrahman@su.edu.krd

**الملخص**

خصص هذا البحث لإلقاء الضوء على الأنشطة العلمية لعلماء إقليم الجزيرة في مجال العلوم النقلية في بلاد الشام، خلال القرن السابع الهجري/ الثالث عشر الميلادي مثل علوم القرأن ،علم القراءات، و علم التفسير، و علم الحديث، و الفقه، و علم التصوف، المقصود من (العلوم النقلية) في هذا البحث هي العلوم الدينية التي ترتبط ارتباطاً مباشرًا بعلوم القرآن والأحاديث النبوية الشريفة ، يتضمن هذا البحث مباحث عديدة منها مبحث خاص عن علم القراءات والذي تمت الاشارة فيه الى ابرز علماء الجزيرة في هذا المجال، كما وخصص مبحث خاص لعلم التفسير الذي نبغ فيه العديد من العلماء الجزريين في بلاد الشام، فضلا عن مبحث لعلم الفقه واصوله و دور علماء الجزيرة في هذا المجال في بلاد الشام،كما وخصص مبحث خاص لعلم الحديث و دور علماء الجزيرة في الرواية والدراية، اما المبحث الأخير فتناول بالدراسة علم التصوف من حيث كونه علما يهتم بأحوال تزكية النفوس، وتصفية البواطن من الرذائل ،حيث اشتهر في هذا المجال في بلاد الشام علماء من الجزيرة فاقوا اقرانهم في تحلية النفوس بالفضائل و الزهد وتحلية الإيمان بالإيقان.

**الكلمات المفتاحية** : إقليم الجزيرة، بلاد الشام، عالم، الرحلة، الأنشطة العلمية.

**The Scientific Role of The Scholars of The Jazira Region in The Levant in The Seventh Century AH / Thirteenth Century AD**

**Qadir Muhammad Hassan**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University -Erbil
qader.hassan@su.edu.krd

**Roshan Ramadan Abdul Rahman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University -Erbil
rawshan.abdulrahman@su.edu.krd

**Abstract**

This research is dedicated to shedding light on the scientific activities of the scholars of the Jazira region in the field of transmission sciences in the Levant, during the seventh century AH / thirteenth century AD, such as the sciences of the Qur'an, the science of readings, the science of interpretation, the science of hadith and jurisprudence, and the science of Sufism, which is intended by (Communicative sciences) in this research are the religious sciences that are directly related to the sciences of the Qur'an and the noble hadiths of the Prophet. It contains many island scholars in the Levant, as well as a study of the science of jurisprudence and its origins and the role of the island's scholars in this field in the Levant.

**Keywords:** Jazira Region, bilad al sham, Scientist, journey, Scientific Activities.